

## پشتێن وەک ئێکسسوارێک بۆ دەرخستنی ناوقەد

جوانی ئێکسسوارەکان پابەندن بەڕێکی و ئەو نەخشەی لەسەری دروستکراوە، وەك ڕێگەیەك بۆ دەرخستنی شێوازە سەرنجڕاکێشەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کەرەستەیەك یان ئێکسسوارێك گرنگی و ڕازاوەیی خۆی هەیە، یەکێك لەو کەرەستانەی کە لەگەڵ زیاتر لەجلێك دەپۆشرێ یان بەکاردەهێنرێ، ئەویش (پشتێن) ە کە دیمەنێکی جوان دەبەخشێ، چونکە لەشوێنێکی بەرچاو واتە لەناوقەدەوە دەبەسترێ و تەنانەت هەردەم دەردەکەوێ، دەکرێ لەگەڵ پانتۆڵ و جینز و تەنوورەدا بپۆشرێ، یان لەو

## جوانی کراسە کوردییەکان لەڕەنگی ڕەشدایە

ۆ












کاتەی سەربەخۆ بەتەنیا بپۆشرێ لەگەڵ ستریچ و کۆلۆندا لەسەرەوەی بۆدی یان کراس بپۆشرێ، ئەوەش گرنگترین خاڵی جوانی دیاری دەکات و شێوەیەکی بەرچاوی دەبێ لەڕازاوەیی و سەرنجڕاکێشی.

## فەرشی ژووری گەرماو بۆ جوانکارییە و کەرەستەیەکی بەسوودیشە

ڕازاوەیی ماڵ لەدیکۆر و دانانی کەرەستەکانە، کە لەشوێن و جێگەی خۆیان بن، بەتایبەت ئەو کەرەستە و کەلوپەلانەی بچووکن یان شێوەیەکی سادەیان هەیە، تەنانەت دەکرێ کەرەستە بچووکەکان لەشوێنی گرنگ دابنرێن و لەگشت بەشەکانی ماڵدا پێویستیمان بەکەلوپەل و کەرەستە جوانکارییەکان دەبێ، هەندێك لەو کەرەستانە بەکەرستەیەکی گرنگ دادەنرێ و هەندێکیشیان بەکەرەستەی دەرەکی یان نا سەرەکی دادەنرێ، لەژووری گەرماو چەندین کەرەستە و کەلوپەل هەن، هەر یەکێك سوودی خۆی هەیە، یەکێك لەلایەنەکانی جوانکاری و هەروەها دەکرێ بە کەرستەیەکی بەسوودیشی دابنێن، ئەویش (فەرش)ی ناو ژووری گەرماوە، کە لەگەڵ ئەوەی دیمەنێکی جوان و ڕازاوە دەبەخشێ، هەروەها دەبێتە هۆکارێك بۆ هەڵگرتن و مژینی ڕاددەی (شێ) لەناو ژووری گەرماو، هەروەها بۆ یەکسان کردنی پلەی ساردی و گەرمی ناو ژووری گەرماو، لەگەڵ ئەوەشدا دیمەنێکی جوانی هەیە بەهۆی ئەو شێوە و نەخشە جوانەی لەناو فەرشەکانەوە هەیە.





## گوڵ و گوڵدان بۆ دیکۆری ماڵ

جۆرەکانی کەرەستە دیمەنێکی ڕازاوە دەبەخشن لەپێناو دانانی نەخشێکی قەشەنگ لەهەنگاوەکانی دیکۆری ماڵ، هەر ئێکسسوارێك جوانییەکی ڕازاوەی هەیە، بەمەرجێك لەشوێنی خۆی دابنرێ، کە پێویست بێ یان لەگەڵ دیکۆری دەوروبەری خۆی بگونجێ، یەکێك لەو ئێکسسوارانە ئەویش(گوڵ وگوڵدان)ـەکانە، چەندین جۆرە گوڵ هەن کە لەدیکۆری ماڵدا دابنرێن، لەوانە: گوڵ و گوڵدانی سروشتی، گوڵدانی دەستکرد، گوڵی پلاستیك و مەرکانە سروشتی و دەستکردەکان، هەروەها وێنەی گوڵ لەناو وێنەدا، ئەوانە گشتیان دیمەنێکی جوانیان هەیە و دەبێتە مۆدەیەك لەدیکۆرەکانی ماڵ، شوێنی دانانی گوڵ و گوڵدانەکان لەنزیك پەنجەرە یان گۆشەی دیوارەکان دادەنرێن، کە ئەوەش لایەنێکی گرنگە لەدانانی ئەو کەرەستانە لەشوێن و جێگەی خۆیدا، پێچەوانەش دەبێتە هۆی نەگونجاندنی دیمەنی گوڵەکان لەدیکۆری ماڵەکەدا.







## ملوانکە شایستەکان بۆ خانمانی کورد

ئێکسسواراتی جوجو - هەولێر

چەندین جۆرە ئێکسسواری جیاواز شێوازێکی شایستە و نەرم دەردەخەن، بەتایبەت کاتێك ئەو ئێکسسوارانە ستایلێکی بەنرخ و لەسەر نەخش و دیزانێکی کراوە دادەنرێ، ئەمەش وادەکات کە لەسەر جەستەی خانمان بگونجێ، جوانی ئێکسسوارەکان لەجوانی شێوەکانیانە، لەکاتێکدا گشت خانمان گرنگی بەڕەنگی ئێکسسوارەکان دەدەن، یەکێك لەو ئێکسسوارە سەرەکییانەی کە دەبێ هەردەم لەسەر جەستەی خانمان بێ، ئەویش (ملوانکە)یە، بەجۆرێك لەئێکسسوارە سەرەکییەکان دادەنرێ لەگشت بۆنە و شوێنێکدا دەپۆشرێ، شێوازێکی تازە لەو ملوانکانەی ئەمڕۆ لەکوردستان گرنگی پێدەدرێ، ئەویش ملوانکەی زنجیر باریك و لەخوارەوەش شێوە و نەخشێکی هەیە، جوانی ئەو جۆرە ئێکسسوارە لەشێوە نەخشەکەی خوارەوەیە، زیاتر شێوەیەکی بازنەیی یان لەسەر شێوەی باڵندەکان دەبێ و کە لەسەر مل و سینگەوە بەجوانترین دیمەن خۆی بنوێنێ.



# کوردستان لەپێشوازی کریسمس و ساڵی (٢٠١٢)ڕازاوەتەوە

کوردستان بەگشت شـار و شارۆچکە و ناوچە جیاجیاکان، لەپێشوازی ساڵی تازەی زایینیدایە، هەنگاوێکی گەورەی نیشـاندا لەڕازاندنەوەی شارەکان و شوێنە گشتییەکان، وەك هێمایـەك بۆ تەبایـی و پێکەوە ژیانی گشـت نەتەوە و چینە جیاجیاکانی خەڵکی کوردسـتان، تەنانـەت لەو شـوێنانەی کە زیاتر کریستیانەکانی لێ دەژی هەمان کاری ڕازاندنەوە و جوانکردنی شەقامەکان بەدروشمی جوان و گوزارشت لەمانای کریسمس و سەری سـاڵ و یادی (عیسـا) پێغەمبەردا، ئێمەش چەندین وێنەی جیاجیامـان بۆ وەرگرتوون و کە لەئامادەکارییەکان و پێشوازی ساڵی تازەی (٢٠١٢)دا کاریان لەسەر کراوە.







# دەهۆڵ و زوورنا شایی کوردانە گەرم دەکات

شایی کردن هەردەم پێویستی بەدەنگێك دەبێ، بۆ ئەوەی شـاییەکە لەگـەڵ ڕیتمی دەنگەکە بگونجێ و دەنگەکە وا لەخەڵك بکات بەرەو شایی کردنیان ببات، لەکۆنـەوە بە(دەهۆڵ و زوورنا) شـایی دەکـرا، پەندێکی کـوردی هەیە دەڵێ (دەنگی دەهۆڵ لەدوورەوە خۆشە)، مەبەست لەو پەندە کاتێك لـەدوورەوە گوێت لەدەنگی دەهۆڵ دەبێ، تۆش حەز دەکەی بزانی لەو شوێنە چی هەیە و چ جۆرە شـاییێك لەو شـوێنە بەستراوە، دەهۆڵ و زوورنـا، وەك دوو ئامێری میوزیکی کۆنـی کوردی، یـان لەسـەردەمێکی کۆنەوە کورد بەکاریهێناوە بۆ شـایی کردن، سـەرەڕای ئەوەش دەهـۆڵ بۆ کاری ئاگاداری و بانگەواز بۆ بابەتێك بەکاردەهێنرا، جگە لەوەی شـەوانە لەمانگی ڕەمەزان بـۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵك بەکاردەهێنرا و تا ئێستاش بەکاردەهێنرێ، زوورنا، یەکێکە لـەو ئامێرە بچووکەی کـە دەنگێکی تیـژی هەیـە و لەگـەڵ دەنگـە گرانەکەی دەهۆڵ، ڕیتمێکی میوزیکی خۆش پێکدەهێنن، شـێوەی زوورنا لەلوولێکی کـون کراو پێکدێ، کە چەندیـن کوونی لێکراوە، کاری ئەو کوونانە ڕێگە گرتنە لەدەرچوونی هەوای ناو زوورناکە لەدەمی زوورنا ژەنـەوە دەچێتە ناو زوورناکەوە، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر ڕیتمی میوزکەکە بێـت و بەپێ ئـەو ئاوازەی دەیـەوێ بیژەنێ، لەبەشـی بچووکەکەی چەند پەڵکێك هەیە کە هـەوای دەم دەکات بەدەنگێکی میوزیك و زیق، لەسەرەوەشـدا لوولەکە فراوان بـووە ئەوەش بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگێکی بۆ ئەوەی گشت لایەك گوێبیستی ئاوازەکە بێ، لەناو کوردا و لەکاتی شاییدا کاتێك زوورنا ژەن دەچێتە لای کەسێکی دیاریکراو، بەسـەری دا هەڵدەڵێ، ئەوە مانای داوای (شـاباش)ی لێدەکات، ناچار ئەو کەسە بـڕە پارەیەك دەدات بەزوورنـا ژەنەکە، ئەمەش بەڕێژەیەکی کەم ئەنجـام دەدرێ، زوورنا لەدار دروسـت دەکرێ و زیاتر لەداری گوێز، چونکە دارێکی بەهێزە و دەنگدانەوەی کەمە.

# شەقامی زەرد لەجیاتی ڕەش



بیرکردنـەوە لەئەرك و هەنگاوە سەیرەکان، کاری وادەکەن کە جێگەی سەرسـوڕمانی ببەخشـێ و دیمەنێکی ڕازاوەش نیشـان بـدات، تەنانەت لەبیرۆکە جوانەکانەوە دەسـت پێـدەکات و بەرەو جێبەجێ کردن دەچێ، لەوڵاتی هۆڵەندا لەلایەن ئەندازیارێکی شارەوانی شاری (سـکیدام) دروست کراوە، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەکە، لەهەر شوێنێکی بەرزەوە سەیری ئەو شـارە بکەی، بێگومان شەقامە زەردەکە بەرچاوت دەکەوێ، دوای ئەوەی داوای لەشـارەوانی ئەو شـارە کرد بۆ جێبەجێکردنی ئـەو بیرۆکەیە، ئەوانیش ڕەزامەندیان دا و کەسیش نازانێ سوودی ئەو شەقامە زەردە بۆ چییە و تەنیا بۆ جوانی نەبێ، هیچ سوودێکی دیکەی نییە.




# هەگبەی ڕۆژنامەگەری کوردی کۆواری هەولێر

**ئامادەکردنی: جەمال خەزنەدار**

شارەوانی هەولێر مانگێ جارێك دەری دەکرد لەساڵی (١٩٧٠)، گۆڤارێکی گشتی و تایبەت بەبواری شارەوانی و هەواڵەکانی هەولێر و دەوروبەری بوو، بەڕێوەبەری گۆڤارەکە: سەعدی محەمەد ئەمین دزەیی بوو، هەروەها سەرەکی نووسین: محەمەد مەلوود «مەم»

بەناونیشانی (شارەوانی هەولێر) کە وێنەی قەڵا و منارەی لەسەر دانراوە. لەچاپخانەی شارەوانی کەرکوك لەچاپدراوە و ژمارە (١) یەکی ساڵی یەکەمی، لەمانگی حوزەیران و تەمووزی ساڵی ١٩٧٠ دا بە(١٢٠) لاپەڕەی ڕەش و سپی بەقەوارەی (١٥×٢١,٣) بەدیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی) و بەئەلف و بێی کوردی لەعەرەبی و ئارامی داهێنراو چاپکراوە.

کۆمەڵێك نووسەر و قەڵەمی دیاریی شاری هەولێر بەشدارییان کردووە لەم ژمارەیەدا وەك:

محەمەد مەولوود، مەجید عومەر، عەزیز گەردی، عوسمان خۆشناو، د.خورشید دزەیی، جەمال عەلی، دایکی سۆران، عەبدولخالق سەرسام، مەغدید سۆران، عومەر سەید محەمەد بەرزنجی، یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی، کوردستان موکریانی، کاکەی فەلاح، کەریم شارەزا، مەلا مەسعود بێبەش، جەلال خۆشناو، عەبدولمەجید عەبدولڕەحمان.

محەمەد مەولوود سەرنووسەری گۆوار لەیەکێك لەنووسینەکاندا دەنووسێ:


(چەند ڕۆژێك لەمەوبەر گۆواری هەولێر، لەدایك بوو، وەکو چوزەرەیێکی تازە سەری لەژێر بەستەڵەك و بەفروباری ڕۆژانی سەخت و پر مەینەتی بەرز کردوەو. بۆ ژیان. وەك گزنگی ڕۆژ بەهەموو وڵاتدا ڕووناکی بیروباوەڕی چاکی پەخش کرد).






سانتا کلۆز ئەو پیاوە پیر و ڕیش سپییەی کە لەگەڵ هاتنی سەری ساڵ و کریسمسەوە دەردەکەوێ بۆ دابەشکردنی دیاری و شتی جوان بەسەر منداڵاندا، کە لەمێژوودا بەچیرۆکێکی داستان و خەیاڵی دادەنرێ، بەزمانی گشتی پێیدەگوترێ (بابا نوئێل)، کەچی وادیارە بەو دوایییە، پێچەوانەی ڕەگەزی بابا نوئێل پەیدا بووە، کە ئەویش (مام نوئێل)ە، خانمە نمایشکاری ئەڵمانی (هایدی کلوم) هەڵسا بەڕۆڵی مامە نوئێل، دوای ئەوەی جلی سانتا کلۆزی پۆشیوە و لەسەری ساڵیشدا ئەرکی دابەشکردنی دیاریی گرتە ئەستۆ بەسەر منداڵانی جیهاندا.

## (ماما نوئێل)یش پەیدا بوو




ئا: فەرهاد محەممەد ئازگەیی

## یاری وێنە



**لەم وێنەیەدا وێنەی ئافرەتێك دروست كراوە بە بەرد، بیدۆزەرەوە**

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

**بۆ زانینی ئاستی زیرەكی مێشك لەماوەی (٢) خولەكدا چەند خاڵێكی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەكاندا بدۆزەرەوە**








### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

چەند بارودۆخێكی نائاسـاییت بۆ دێتە پێش، بۆیە وا پێویست دەكات بەرنامەیەكی تۆكمەترو ڕێكتـر دابڕێژی لەبواری كارو سۆزدارییەوە، هەلی سەركەوتنت هەیە.




### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

كەسـێكی نزیك و خۆشەویسـتت هەسـت بەدڵتەنگـی و بێـزاری دەكات، هەوڵبـدە گفتوگـۆی لەگەڵ بكە و دڵی بدەرەوە، ئەم ماوەیە لایەنی سۆزداریت هەڵبەز و دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام ئەنجامی دەبێت.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەوەنـدە دەمدەمـی مەبـە، لەبواری ئەڤینداریەوە بەخت یاوەرتەو دەرفەتێكی باشت بۆ هەڵدەكەوێت و ئەگەر بەژیری هەڵسوكەوت بكەیت سـەركەوتن تیایدا مسۆگەرە.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ماندووبوونی پێشـووت لەبیر دەكەیت و بێ ئەوەی خۆشت بزانیت كارەكانت جێبەجێ دەبن و ئەركەكانی سەر شانت زۆر سووك دەبێت و لەوانەیە باری داراییشـت بەرەو باشتر بچێت.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

پێوەندییەكانـت بەرەو باشـی دەچێت و یەكێك لە برادەرەكانت پشتگیرییەكی باشت دەكات لەچارەسـەركردنی گرفتێـك كە دەمێكە پێوەی دەناڵێنی.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

پێویستە لەسـەرت هاوسـەنگەیەك بكەیـت لەنێـوان خەرجیەكانـت و داهاتت، ئەگینا تووشی كێشەیەكی دارایی سـەخت دەبیت، ئەم ماوەیە مامەڵەی گەورە مەكە.

## بۆ زاخـاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (قەزوان) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بكەرەوە كە لە كۆتاییی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە :

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢+٣) كۆ بكەیتەوە بەمانای (كەسایەتیەكی بەرزە لەئاییندا و بەكەسێكی گەورەوە دەگوترێ)
- پیتی خانەكانی (٣+٤+٥) كۆ بكەیتەوە بەمانای (وەك پاشگرێك لەدوای ناوی ئافرەتانەوە دادەنرێت بەمانای زیاتر ڕێزلێنان)
- پیتی خانەكانی (١+٢) كۆبكەیتەوە بەمانای (جۆرێكە لەكاریگەرییەكانی هەوا و لەو كاتەوە هەست بەتەنگی دەكەیت)
- پیتی خانەكانی (١+٤+٣) كۆ بكەیتەوە بەمانای (ناوێكی دیكە بۆ چیا)

## ئاسۆیی:

١- ئەکتەرێکی کوردە خاوەن وێنەکە.
٢- شارۆچکەیەکی کوردستانە(پ)- شاعیرێکی کوردبوو.
٣- نیوەی راعی- پایتەختی ولاتێکی عەرەبییە- گڵ (پ).
٤- چوار پیتی بەیبون- وارسۆ (ت).
٥- بیدۆزەرەوە لە سوێد- گیایەکی پزیشکییە.
٦- شاعیرێکی کوردبوو- سێ پیتی فوزی.
٧- چوار پیتی کوردو- یاریزان(ت).
٨- دارێکی پیرۆزە(پ)- شەق بوو.
٩- شارێکە لە سوریا(پ)- چۆن(پ)- ژێر.
١٠- سێ پیتی کانی- ولاتێکی ئەوروپییە.
١١- جۆرە گولێکە(پ)- کورت کراوەی تا دوایی.
١٢- کچە گۆرانی بێژێکی کوردە(پ) – شاعیرێکی عەرەبە(پ).

## ستوونی:

١- زانایەکی ئایینی کوردبوو.
٢- پایتەختی ولاتێکی بیانی یە(پ) – یاریزانێکی بەرازیلیە(پ).
٣- نیوەی عادل – ولاتێکی ئەوروپییە
٤- سەرۆکێکی عێراق بو(پ) – لاوز(پ).
٥- سێ پیتی بوردو- شارۆچکەیەکی عێراقە.
٦- شارۆچکەیەکە لە تورکیا(پ).
٧- وای (ت) – شێر(ت).
٨- دۆزەرەوەی ئۆتۆمبێل (پ).
٩- زیندەوەرێکە(پ)_ ژمارەیەکە(پ)- پایتەختی ولاتێکی ئەمریکیە.
١٠- یانەیەکی ئەرجەنتینی پالّەوانی ٢٠١١- سێ دارا.
١١- چوار پیتی لاولاو- بەشێکە لەسەر(پ) ژمارە یەکە.
١٢- دەرهێنەری یاری جۆدۆ.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی بۆنەیەکی ساڵانت بۆ دەربچێ.

م ک ی س ر س

وەڵامی ژمارەی پێشوو (قەرەچوغ)



## نوکتە

- کوڕێکی تەمەڵ ناوێرێ بچێت کارتەکەی وەربگرێتەوە، لە ترسان برا بچوکەکەی دەنێرێت و پێی دەڵێ: کە هاتیتەوە و ئەگەر باوکم لە ماڵەوە بوو و سفرێکم تیابوو، بڵێ هاوڕێکەت سەلامی لێدەکردیت. ئەگەر دوو سفرم تیابوو، بڵێ هاوڕێکان سەلامیان لێدەکردیت. برا بچکۆلەکەی کە کارتەکەی وەردەگرێتەوە لە(٦) وانە کەوتبوو کاتێك دەگەرێتەوە ماڵ و باوکیشی لە ماڵەوەیە، ڕوو دەکاتە برا گەورەکەی و دەڵێ: هەموو خەڵك سەلامیان لێتدەکرد..






**نالی شاعیر دەڵێ:**


بنوارە نەو بەهار و فوتوحاتی گوڵشەنی
گوڵ زاری کردەوە، لە دەمی غونچە پێکەنی
لەم پارچەڵۆ کە هەورە بە قەد ڕوی هەمو زەمین
بەم ڕایەڵە قەدیفەیی سەوزی عەجەب تەنی
بورجی درەختی سەوز و بوڵەندی وەك ئاسمان
پێوە شکۆفە هەروەکوو نەجمن بە ڕۆشنی
بەزمی هوزارە قەل فڕی ئەغیارە دەوری گوڵ
صۆفی بڕۆ مەبە بە دڕك تۆ لە ئێمە نی...
هەر دارە بەرگ و هەر گوڵە ڕەنگی خەڵاتییە
هەر جوری نەو بەهارە کە عالەم دەکا غەنی
دیسان لە بگرە بەردەیی گوڵچین و باغەوان
بولبول کەناری گرت و دڵی غونچە ڕاچەنی
خارایی سەوز و شینی لەبەر کردووە جەبەل
دامێنی وەردی سورە کە دەستم بە دامەنی
وادی بووە بە وادیی پڕ نوری (گور)ی(نار)
(نەعلەین)لە پی فڕێ بدە (نالی)بە (ئەیمەنی)

س: ماڵێك بۆ شیعری کوردی



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

پێوەندیت لەگەڵ ئەوانەی کاریان لەگەڵ دەکەیت ئاسان نابێت، چونکە هەڵسوکەت و ئاکارت گۆڕانی بەسەرداهاتووە، هەوڵبدە زیاتر خۆت بگونجێنیت.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

باری دەروونیت بەرەو خراپی دەڕوات، بۆیە وا پێویست دەکات کەمێك پشوو بدەیت یاخود گەشتێك بکەیت و خۆت لەبیرکردنەوە بە ڕابردوو بەدوور بگریت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لەبواری کاردا ماندووبوونت هەندێك کەمتر دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەش هەست بەماندووبوون و هیلاکی و بێزاری دەکەیت، وا باشترە هەندێك پێوەندی کۆنت نوێ بکەیتەوە.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزانیت دەرفەتێکی دیکەت بۆ دەرەخسێت، هەوڵبدە خۆپەرست نەبیت و تۆزێك دووربین بە و هەندێك بە خۆتدا بچۆرەوە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

لایەنی سۆزداریت گەشەیەکی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت و سۆز و خۆشەویستیەکی لەرادەبەدەر ڕووت تێ دەکات، لەوانەیە دیارییەکی بەنرخیشت بەدەست بگات.




**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

زیاتر وردبەرەوە و زیرەکانە پلانەکەت داڕێژە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەت، چونکە کەسانێك دیانەوێت کۆسپت بۆ دروست بکەن.

## مانای شتەکان لە خەون

شکسپیر گەورە نووسەری ئینگلیزی، ڕۆژێکیان گوتی: من هەردەم هەست بە بەختەوەری ئەکەم، دەزانن بۆچی؟
چونکە من بۆ هیچ کەسێک و بۆ هیچ شتێک وشەی «لەوانەیە» بەکار ناهێنم.....
چونکە پێشبینی هەردەم مرۆڤ دوودڵ ئەکات ژیان کورتە، بۆیە ژیانت خۆشبوێت و هەردەم بەختەوەر بەو هەردەم پێبکەنە. ئەو کارانە ئەنجام بدە!



پێش ئەوەی قسە بکەیت...گوێ بگرە
پێش ئەوەی بنووسیت. بیر بکەوە
پێش ئەوەی پارە سەرف بکەیت...بەدەستی بێنە
پێش ئەوەی نوێژ بکەیت...تۆبە بکە
پێش ئەوەی کەسێک بریندار بکەیت...خۆت هەست بکە
پێش ئەوەی ڕقت هەبێ...خۆشت بوێ
پێش ئەوەی بڕوخێیت...هەوڵبدە
پێش ئەوەی بمری...بژی.